# هەڵبژاردنی عیراق چارەنوسی کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبات

لە دوو ساڵی رابردوودا ئەوەی پێی دەڵێن "پرۆسەی سیاسی" دروستکردنەوەی دەولەتی عیراق ، بریتی بوە لە پرۆسەی لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە. هەرچەند کوردستان لە دەست ڕژێمی بەعس و هەڕەشەکانی ڕزگاری بوو ،بەلام ئەم پرۆسەیە کە بە هەڵبژاردنەکان و دانانی دەستوور بەڕێوە چووە لە واقعدا چۆنیەتی پێناسەکردنەوەیەکی سەرلەنوێی لکاندنەوەی کوردستان و چونەوە ژێر ڕکێفی سیستەمی مەرکەزی عێراق بوە و سەرەتای دووبارەبونەوەی هەمان هەڕەشەکانی پێشوو بوە لە لایەن ئەم دەولەتە مەرکەزیەی دروست دەکرێتەوە.بەم پێیە چارەنوسی کوردستان بەستراوەتەوە بە ئاکامەکانی ئەم پرۆسە وهەڵبژاردنانە.

هەربۆیە یەکێتی وپارتی لە هەڵبژادنەکانی ئەمجارەی 15دیسەمبەری 2005دا ، لیستی هاوپەیمانیەتیەکەیان ناوناوە " دەنگتان پاراستنی چارەنوسی کوردستانە" . بەڵام پرسیاری کە خەڵکی کوردستان دەبێت لەم لیستەی بکات ئەوەیە کە ،بۆچی چارەنوسی کوردستانتان لەم پرۆسەی هەڵدێر و قوماری هەڵبژاردنانەدا داناوە؟ ئایا دەورەی پێشوو نەتان ووت بە دەنگدان بۆ لیستەکەتان کوردستان لەم هەڕەشانە ڕزگاری دەبێ؟ ئایا نەتان ووت بە دەنگدانتان بۆ دەستوری عێراق چارەنوسی کوردستان لە ئەنفال و ستەم ڕزگاردەکەن؟ ئێستاش کاتێك یەکێتی و پارتی دەڵێن ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا خەڵك دەنگیان پێنەدا ، ناسیونالیزمی عەرەبی سونە و شیعە و بەعسیەکان چارەنوسی کوردستان دەخەنە خەتەرەوە، دەبێ بپرسین تا چەند هەڵبژاردنی تر ئێوە چارەنوسی کوردستان دەخەنە ژێر رەحمەت و هەڕەشەی ئەم هێزانەوە ؟ ئایا تاکەی چارەنوسی کوردستان بەناو مینی چێنراوی ئەم هەڵبژاردنانەدا دەبەن و خەڵکی کوردستانیش دەکەن بە خەتابار ئەگەر بوە قوربانی ئەم مینەچێنراوانەی هێزە شیعە و سونە و بەعسیەکان؟

ئایا وەعدە و بەڵێنەکانی ئەم هەڵبژاردنانە کە بە خەڵکی دەدەن گوایە ئەگەر دەنگتان پێبدەن ، گەندەڵی ناهێڵن و بژێوی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت چاك دەکەن و یەکسانی ژن وپیاو دەکەنە یاسا و چەند وەعدەی تر ، بۆچی دوای هەڵبژاردنەکان خەڵکی کەلار و ڕانیە و سلێمانی وئاکرێ و هەولێری لەسەر دەگرن و ناڕەزایەتیەکانیان بەتەقە و هەڕەشە و زیندانی کردن و فشاری جۆراوجۆر وەلام دەدەنەوە؟ بۆچی لە دەستوری عێراقدا ئەم مافانەتان جێگیر نەکرد و دەستوری شەریعەتی پیاوسالاری و یەکپارچەیی خاکی عێراقتان بەسەر خەڵکدا سەپاند؟

خەڵکی کوردستان چیتر فریوی ئەم پروپاگەندانەی یەکێتی وپارتی ناخوات و چارەنوسی خۆی نابەستێتەوە بەو دەنگدان و هەڵبژاردنانەوە کە جگە لەماڤ مانەوەی کورسی ئەم حزبانە و بەشیان لەدەسەلاتدا ، هیچ مافێکی خەڵکی کوردستان دابین ناکات و بەپیچەوانەوە ئەم هەڵبژاردانە بۆ سڕینەوەی ماڤ چارەنوسی خەڵکی کوردستان و ئەو سەربەخۆییە دیفاکتۆیەیە کە لە ئارادایە. دەنگدان و بەشداری ئەم هەڵبژاردانە ڕێگەچارەی خەڵکی کوردستان نىیە،ئەمە ڕێگای دابین کردن ومانەوەی بەشە دەسەڵاتی ئەم حزبانەیە و بەزۆر خەڵکی کوردستان بەدوایدا ڕاپێچ دەکەن. تەجروبەی رفراندۆمی دەستوور نیشانی دا کەخەڵکی کوردستان مقاتەعەی ئەم ڕێگای هەڵبژاردانانە دەکات و ئەم هەڵوێستەی خەڵك ،ئێستا یەکێتی وپارتی هەراسان کردوە و لەلایەك بە وەعدەی درۆ و لەلایەکی تر بەهەڕەشە لە ئەندامانی خۆیان و کارمەندان و خەڵکی کوردستان دەیانەوێت خەڵك ناچار بکەن و ئێستا پروپاگەندەیەکی هەڕەشە ئامێزیان دەست پێکردوە بۆ دەمکوتکردنی نەیارانی ئەم هەڵبژاردنە چارە ڕەشە.پێویستە وەڵامی ئەم هەڕەشانەی یەکێتی وپارتی بدرێتەوە و پێیان بوترێت کە ئەوە خەڵکی کوردستان نىیە بەرپرسیارە لەو چارەنوسە ڕەشەی ئەم هەڵبژاردنەی بەعسیەکان وسونە

Tel :00447760131203 Email:asokamal1@aol.com

وشیعەکان دەبنە هێزی باڵادەست ، بەڵکو ئەوە ئەم ڕێگاچارە وبەدیلەی یەکێتی وپارتییەیە کە چارەنوسی کوردستانی خستۆتە بەردەم گرەوێکی دوڕاوەوە و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵدێری زیاتری دەبات . ئەگەر یەکێتی وپارتی دەنگی خەڵکی کوردستانیان بەلاوە گرنگە با جارێك گوێ لە دەنگی ئەو 98٪ بگرن کە لە رفراندۆمی دیسەمبەری 2004دا داوای سەربەخۆیی وجیابونەوەی کوردستانی کرد.

پێویستە خەڵکی کوردستان پێش لە دەنگدان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان و یەکلایی کردنەوەی ئەم چارەنوسە ،بەشداری لەم جۆرە هەڵبژاردنانەی عێراقدا نەکەن کە ناچاریان دەکات بە چوونەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەت و دەستوری ئیسلامی وشۆڤینیزمی عەرەبی لە عێراقدا وە لەم هەڵبژاردنەشدا وەك رفراندۆمی دەستوور دەنگی "نا" و مقاتەعەی خۆیان بەرزتر بکەنەوە و بە ئەحزابی دەسەلاتداری بسەلمێنن کە خەڵکی کوردستان بەزۆر ئەم ڕێگا وچارەنوسەی ژێردەستەبونەوەی بەسەردا ناسەپێنرێت. خەڵکی کوردستان بە بەرزکردنەوەی دەنگی سەربەخۆیی کوردستان و گرتنە بەری ئەم ڕێگاچارەی سەربەخۆییە ئایندە و چارەنوسی کوردستان مسۆگەر دەکەن.

## ئاسۆ کمال

2005/11/25

Tel :00447760131203 Email:asokamal1@aol.com